# لامبیۆساوروس
# Lambeosaurus = Lam – bee – o – saw – rus



## تایبەتمەندی:

لامبیۆساوروس پۆپەیەکی ئێسقانیی نێوئاخن بەتاڵیان بە سەرەوە بووە کە بە چەشنی تانجێک، بەرەو پێشەوەی سەریان لار ببۆوەوە.





لە دەروونی ئەو تانجەدا، گرانبارترین سیستەمی کۆنترۆلی کارو کردەوەی ڕۆژانەی ئەو گیاندارەی تێدا کۆپێ بووبوو. ئەو سیستەمە بە چەشنی سوکانی بەڕێوەبردنی ژیانی لامبیۆساوروس دەورێکی سەرکییان گێڕاوە. بۆوێنە، لە دەنگ و بانگ کردنی یەکتر، لە بۆن کردن و لە دۆزینەوەی جووت و پێک بڕان و لێهاتنی نێر و مێیەکان دا کارکردی بەنرخی بووە.

دوو کونی لووتی لامبیۆساوروس هەر لە درێژەی ئێسقانی تانجەکەیاندا بووە و لە میکانیزمی نێو تانجەکەش فەرمانی وەرگرتووە و بۆنی دنیای دەرەوەی پێکردووە.

شایانی باسە بگوتری ، تانجی سەری نێرەکان لە هی مێیەکان گەورەتر بووە.




دەمی لامبیۆساوروس باریک و لە ئاخر بەشی دەمی دا وەک دەندوکێکی پان و مەزن و بە شیوەی دەندوکی مراوی، بەسەر یەکدا تەپیبوونەوە.

لە باری توانای بینین و هێزی بیستن، لامبیۆساوروس گیاندارێکی یەکجار زۆر بەتوانا بووە. بەڵام لەباری ئەندامی شەڕ و بەرگری کردندا هیچ تواناییەکی ئەوتۆی پێ نەبرابوو. هەربۆیە زۆرجاران کەوتۆتە بەر هێرشی گیاندارە گۆشتخۆرەکان.



میژولكەی دۆزینەوەی فۆسێلی لامبیۆساوروس :

( لامبیۆساوروس) لە دوو وشەی(كرۆكۆدیل) و ( لامب) پێك هاتووە.

دوكتۆر ویلیام پاركس، یەكەم كەس بووە، كە لە ساڵی 1923 دا فۆسیل و پاشماوەی ئاسەواری ئەم چەشنە دایناسۆرەی دۆزیوەتەوە و بۆ ڕێزلێنان و زیندوو ڕاگرتنی ناوی دوكتۆر (لاورەنس لامب)ی كەنەدەیی، كە لە پێشڕەوانی دۆزینەوەی فۆسیلی ژینەوەرانی كەونارانی بووە، ئەم ناوەی بە بەژنی ئەم چەشنە دایناسۆرە بڕیوە.



### سەردەمی ژیان و گەشەی لامبیۆساوروس :

ئەم چەشنە دایناسۆرە لە دەروانی کرەتاسەی نوێ **Kretase** ، واتە نزیک بە 83 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا ژیانیان بردۆتە سەر.




دەور و بەری 65 ملیون ساڵ بەر لە ئێستا، کە سەردەمی تیداچوون و تونابوونی دایناسۆرەکان بووە، ئەم چەشنەش بەرەو نەمان ڕۆیشتووە.





## خورد و خۆراکی لامبیۆساوروس :

لامبیۆساوروس داینا سۆرێکی گیاخۆر بووە، کە زیاتر لە گژ و گیا و گەڵا و گوڵی دارو دەرختان، بەتایبەت لە گەڵای داری سەوڵ و سنۆبەر کەڵکی وەرگرتووە.





مەڵبەندی جوگرافیایی ژیانی لامبیۆساوروس :

بەشی هەرە زۆری ئاسەواری فۆسیلی ئەم چەشنە دایناسۆرە، لە مەڵبەندی (مۆنتانا)ی ئامریکا، (باجاکالیفۆرنیا)ی مەکزیکۆ، و (ئالبەرتا)ی کەنەدە دۆزراونەتەوە.



شایانی باسە بگوترێ کە سەرەڕای فۆسیلی ئەم چەشنە دایناسۆرە، ئاسەواری شوێنپێ و هەروەها پێستی فۆسیلەبوویشی لە وڵاتانی ئامریکای باکوور دا دۆزراوەتەوە.



نموونەیەک لە پێستی فۆسیلەبووی دایناسۆر

قەوارەی جەستە و ڕادەی کێشی لەش و لاری لامبێئۆساوروس:



درێژایی بەژنی لامبیۆساوروس( لە تانجی سەریانەوە هەتا ئاخر بنەی کلکیان) لە نێوان (9ـ 15) مەتر و، کێشی لەشیان نزیک بە (6000) کیلۆ مەزەندە کراوە.

## چەند نموونە لە فۆسیلی لامیۆساوروس:



فۆسیلی سەر و کەللە و دەم و لمبۆزی لامبیۆساوروس





وێنایەک لە سکلێت و ئێسقان بەندیی لامبیۆساوروس




شوێنەواری فۆسیلەبووی لامبیۆساوروس



وێنایەک لە هێلکەی دایناسۆر



فۆسیلی بەشێک لە ئەندامەکانی دوو لامبیۆساوروس

.........................